سەلام دەلیٚ:

میرم تۆ تەنها لە قەبری **تارا**
منیش بیٚ کەسم لە کوچەی **شارا** ( ل ـ ٩٣ )

دیسانەوە دەلیٚ

**لەیەك لیستەدا** ناویان نووسرابوو
تاقە یەکیٚکی لیٚ گوم نەئەبوو
( شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ، ل ـ ١١٠)

شیٚخ نووری دەلیٚ:

ـبە کیٚوی سەختی **ژیانا** بە پیٚ، بە چنگەڕیٚ
خەریکی هەلمەتی سەرکەوتن بگاتە سەریٚ

مەلا حەسەنی قازی دەلیٚ:

ـ پیاوی مەرد دووجار **لەکوندا** نای‌گەزیٚ دووپشكو مار
لیٚرە بەولاوە بە واتەی دوژمنی بیٚ فەر مەکەن
(دیوانی شاهۆ، لـ٧٠)

گۆران دەلیٚ:

ـخانووی بەگزادە لە سای **درەختا**
ئارامی بووکە لە کۆشی **بەختا**
(دیوانی گۆران، لـ١٢٩)

قانع دەلیٚ :

دوێنیٚ لە بەختی من یار چارشێوی شەرمی لادا
( نامەی قانع ، ل ـ ٢١٠ )

**٨ـ(دا)و بەرهەمی پەنجاکان بەملاوە.**

ئاـ(دا) لە نیٚو پەخشانی رۆژنامەو گۆڤاردا

١ـ(دا)وەك کاری کرداری زۆر بەکار هاتووە.
٢ـ(دا) وەك پاشبەند هەرهەمان ڕیٚڕەوی قووت‌دان (گۆ) کردنی گرتووە، بەبیٚ گرتنی ڕیٚڕەویٚ، بۆ ویٚنە:

(...بەلاّم خوا بکا پەرەدەیەکی توندوتۆل بە رووی رابوردوودا بدریٚتەوە..)
(ئەحمەد خواجە،دەفتەری کوردەواری ژـ١ ،لـ٨)

ـ(...من لەم وتارەما قسە لە شاعیریی شیٚخ رەزا..)
(شیٚخ محەمەدی خال، دەفتەری کوردەواری،
( ژ ـ ١ ، ل ـ ٨٣ )

ـ(... ئەم هەلبەستە لە زانستگای مۆسکۆ، لە چلەی گۆرانا خویٚندراوەتەوە لەم کۆبوونەوەیەدا چەند ئەدیبو شاعیریٚکی کوردو عەرەب بەشداربوون،..)
(د. ئیحسان، دەفتەری کوردەواری، ژـ١ ،لـ٢٤)

ـ(بەمەرا بۆمان دەرئەکەویٚ کە رۆژ هەلاّتناسەکان زۆر خۆیان بە زمانی کوردی‌یەوە خەریك‌کردووە..)
( دەفتەری کوردەواری ، ( ژـ١ ، ل ٣٧ )

ـ .. ( لیٚرەدا نمە باران یان شەونم ئەنجامی رووداوەکەیە کە بارینە..)
( د.نەسرین ، العراق، ٢٦ـ١٠ـ١٩٨٣)

ـلە ناو هەندیٚ لەو کاغەزانەی تردا کە شیٚخ رەزا بۆ ئەمین فەیضی نووسیوە ..)
(ئەنجومەنی ئەدیبان،لـ١٤)

لەمەی سەرەوەدا دوو رواڵەتی سنیتاکسی(دا)مان دەست کەوت ئەوانیش:

١ـ(دا) دەبیٚتە پاشبەندی(تر)و(دیکە)
٢ـبۆ تەواو کردنی کاری ئاوەلکاری پاشبەندی(دا)، لەوانەیە دوو پرپیۆزیشنی وەك (لە) بکەونە نیٚو ئەو رستەوە، هی یەکەمیان لەکار دەکەویٚو هی دووەمیان پەیوەندی بە (دا) وە دەمیٚنیٚ

**بیٚـ(دا) لە چیرۆکدا**

زوربەی چیرۆك نووسان (دا)یان بە دوو جۆر رواڵەت بەکار هیٚناوە.

ـ(لە کاتیٚکدا من هەر لە سووچەکەی جارانما ماتو بیٚ دەنگ دانیشتبووم بەم جۆرە ...کەمیٚکی تالّم بۆ بکە بەسەرا ...لە تالّی‌یا نەئەخورایەوە ...منیش شەپۆلیٚکی رق‌وکینە دلّمی ئاوسانو لە دلّی خۆما وتم...)
(حسین عارف، کلاّفەیەك ژانی‌تووڕە ،ل٧٦ـ٧٧)

لەجیٚگایەکی دیکەوە دەلیٚ:

ـ(....ئەم باسە تیایا شای باسان بوو...)
(هەمان‌سەرچاوە،لـ٩٤)

ـ(..ئەمیش بەکەناری لای چەپی شۆستەکەدا سەرەو ژوور ملی ئەنا . ریٚگا لەبەرچاویا سووراو ... بە پلیکانەکان‌دا ...)
(ردئووف بیٚگەرد هاوار ،ل.٦٠،٦١،٦٢)

ـ(..کە چەند سالیٚك لەمەوبەر لە جەنگیٚکا لە یارمەتی حاکمی سۆرانا ...بۆ ئەوەی لەتەنگانەدا فریایان بکەویٚ...)
(مستەفا سالح کەریم، شەهیدانی قەلاّی دمدم، لـ٨،٩)

ـ(..لەمەدا بوو کەتینی رەشەبا بەهیٚزەکە لە درزی دەرگاکەوە شالاّوی... گەڕانەوەو خۆی کرد بەژیٚر لیٚفەکەدا...)
(عبداللە عزیز خالد، پەرستگا، ل ٣١،٣٢)

**جیٚ. (دا) لەنیٚو شیعردا**

هیٚمن، هەموو جۆرە (دا)یەکی بەکار هیٚناوەو بە تەواوی‌و پامانو زامانی پاریٚزگاری رواڵەتەکەی کردووە، بۆ ویٚنە وەك:

(کار):

ـ(نە دەستی پاشبارەی ناسی
نە ساویٚکی دا لەداسی
تاریكو روون، لـ١٨٩

